وەزارەتی پەروەردە ڕەزامەندی دا لەسەر دووبارە کردنەوەی قوتابخانە ئەوارانە حکومییەکان

وەزارەتی پەروەردە، ئەمڕۆ یەکشەممە بەیاریدا بە دووبارە کردنەوەی قوتابخانە ئەوارانە حکومییەکان، ئەوەش بەپێی پێویستیی هەر بەڕێوەبەرایەتییەک.

وەزارەت لە ڕاگەیەندراوەکدا کە دەست ئاژانسی موتەبع کەوتووە، ڕایگەیاند: "لە سە پارێزگای نەینەوا، بابیل و نەجەفی ئەشرەف، بەشە پەروەردەییەکان لە شارەکانی (زمار، کەفل، حەیدەریە) پەرەیان پەدراوە و دامەزراون، بە ئامانجی ئاسانکاری بە گەیشتنی قوتابیان و مراجەکاران بە سەنتەرە پەروەردەییەکان و کەمکردنەوەی جەنجاڵی لەسەر بەڕێوەبەرایەتییە گشتییەکان، لەگەڵ مسۆگەرکردنی ژینگەیەکی فێرکاریی هاندەر و خزمەتگوزارییەکی کوالێتی بەرز." ئەم بەیارەش لە کاتی کەبوونەوەی خولیی دەستەی ڕای کە ئەمڕۆ بە سەرکایەتی ئەحمەد ئەسەدی، وەزیری پەروەردە بەوکالەت بەڕێوەچوو، درا.

لەم ڕاگەیەندراوەکە ئەوەیش هاتووەکە: "دەستەی ڕای بەیاریدا بە دووبارە کردنەوەی قوتابخانە ئەوارانە حکومییەکان بەپێی پێویستیی هەر بەڕێوەبەرایەتییەک، هەروەها بەدواداچوون بە دەخی لەژنەی سەرپەرشتیاری لە تورکیا لە ڕێگەی پێکهێنانی لەژنەیەکی تەکنیکی بە هەماهەنگی لەگەڵ بایەزخانەی عێراق لە ئێنقەرە و وەزارەتی پەروەردەی تورکیا، جگە لە تاوتوێکردنی کەمەک تەوەری کارگێڕی و

تەکنیکی بەڕێوەبەرایەتییە گشتییەکان، وەک بەشێک لە هەنگاوەکانی بەهێزکردنی ئەدای پەروەردەیی و باشترکردنی کوالێتی کار لە ناوەوە و دەرەوەی عێراق."